# ئاوڕێکی خێرا لە سینەمای ئێرانی





دانا فایەق

لە ئێستادا سینەمای ئێرانی یەکێکە لە گرنگترین و ناوداترین سینەماکانی جیهان و ساڵانە لەو وڵاتەدا چەندین فیلمی جۆراوجۆری سینەمایی بەرهەم دەهێنرێن. پیشەی سینەماو کاری فیلمسازی لە ئێران یەکێکە لە پیشە گەرموگوڕەکان و کەم نین ئەوانەی بەهۆی ئەو پیشەیەوە توانیویانە ژیانێکی پڕ لە خۆشگوزەرانی دەستەبەر بکەن. وا نەبێت ئەوە زیانی گەیاندبێت بە ناو و ناوبانگی سینەمای ئەو وڵاتەو وەکو جۆرێک لە سینەمای بازاڕی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، چونکە لەپاڵ کاری بازرگانیکردن بە سینەماوە لەلایەن ژمارەیەکی زۆر لە دەرهێنەرو بەرهەمهێنەرانی فیلمەوە، لەولاشەو کەم نین ئەو فیلمسازو سینەماکارانەی سیمایەکی تایبەت و هونەرییان بەخشیوە بە سینەمای ئێرانی و توانیویانە داهێنانی مەزن بکەن لە دونیای سینەمادا، هەر ئەمەشە وایکردووە لە زۆربەی فێستیڤاڵە سینەماییەکانی دونیادا فیلم و دەرهێنەرانی ئێرانی ئامادەیی بەردەوامیان ببێت و گفتوگۆ و قسەی جددی لەبارەی کارەکانیانەوە بکرێت.

ئەم سەرکەوتنە بەردەوام و بەرچاوانەی سینەمای ئێرانی وایکردووە سینەماکاران و رەخنەگرانی بواری سینەما لە جیهاندا بە بایەخەوە بڕواننە سینەمای ئەو وڵاتەو گرنگیی تەواوی پێ بدەن، بەهۆی ئەو تایبەتمەنییەش لە کارەکانیاندا، چەند جارێک دەرهێنەرو سینەماکارانی ئەو وڵاتە کراون بە لیژنەی داوەر لە فێستیڤاڵە سینەماییە نێودەوڵەتییەکانداو حسابی گرنگ و تایبەت کراوە بۆ سەرنج و تێبینییەکانیان.

هەندێک لە رەخنەگرانی بواری سینەما پێیان وایە کە لە ئێستادا ئێران مەزنترین وێستگەی جیهانییە بۆ سینەمای نیشتمانی، پێشیان وایە ئەو وڵاتە یەکێکە لە گرنگترین وێستگەکانی جیهان بۆ هونەرو پێشخستنی سینەما.

لێرەدا رۆڵی دەرهێنەرانی فارس لە پێش رۆڵی




فیلمی مانگا

هەموو نەتەوەکانی تری ئەو وڵاتەوەیەو بەهۆی زاڵبوونی زمانی فارسییەوە لەو ناوچانەدا ئەوان بەشی شێریان لەو شانازییە پێ براوە، بەڵام لەپاڵ ئەوان کە خزمەتیان کردووە بە (سینەمای ئێرانی)، ئەو سینەمایەی هەندێک جار بە (سینەمای فارس) یش ناوی دەبرێت، چەند دەرهێنەرێکی وڵاتانی وەکو (تاجیکستان و ئەفغانستان)یش هەن کە خزمەتیان کردووە بە سینەمای ئەو وڵاتەو بەو هۆیەی ئەوانیش فارسی زمانن، کارەکانیشیان بە شێوەیەک لە شێوەکان زۆرجار چووەتە خزمەتی سینەمای ئێرانییەوە.

هونەرەکانی هەڵکۆڵین و شانۆ لە وڵاتی ئێران مێژوویەکی زۆر کۆنی هەیەو ئەو مێژووە دەگەڕێتەوە بۆ سەدان ساڵ بەر لە ئەمڕۆ. بەو مانایەی ئێران یەکێکە لەو وڵاتانەی زۆر زوو دەتوانێت هونەرەکان وەربگرێت و داهێنانیان تیدا بکات، هەر ئەمەشە وایکردووە ئەو وڵاتە وەکو یەکێک لە مەڵبەندە گرنگەکانی هونەر سەیری بکرێت و بە یەکێک لە فەرهەنگیترین و شارستانیترین شوێنەکانی دونیا بێتە ژماردن. عەشق و خۆشەویستی بۆ هونەر لەو وڵاتەدا بووتە کولتوورو چاوگێڕانێکی خێرا بە مێژووی بیناسازی و هەڵکۆڵین و مینیاتۆرو موزیک و شیعرو ئەدەبیاتی ئەو وڵاتەدا، باشتر ئەو راستییەمان لا روون دەبێتەوە کە میللەتی ئەو ناوچانە چەندە عەشقیان هەیە بۆ هونەرو داهێنان و پابەندن پێوەی. ئەو عاشقبوونەیان بۆ هونەر وایکرد هونەری سینەماش یەکێک بێت لەو هونەرانەی بە زوویی بگاتە ناوچەکەیان و هێشتا سینەما لە جیهاندا تەمەنی تەنها پێنج ساڵ بوو کە گەیشتە ئێران. ئامانجی رۆژئاواییەکان لە دروستکردنی سینەمادا زیادکردنی ئەو ئامێرو کەرەستە تایبەتانەبوو کە بۆ بەسەربردنی ساتی خۆش و رابواردن بەکاردەهاتن و بە تەواوکەری نمایشەکانی (زۆرانبازی و موزیک و شانۆ) دادەنرا، بەڵام لەدایکبوونی ئەو هونەرە لە ئێران ئامانجی سیاسی و ئابووری و مێژوویی لە پشتەوەبوو. یەکەمین کەس کە کامێرای سینەمایی بەکارهێنا لەو وڵاتەدا (میرزا ئیبراهیم خان عەکاس باشی) بوو. ئەگەرچی باس لەوە دەکرێت کە پێش (عەکاس باشی) یەکەمین فیلم لە ساڵی ١٨٩٦دا لەلایەن (رووسی خان)ەوە دروستکراوە، کە لە ئەسڵدا خەڵکی رووسیا بووەو لە ئێران ژیاوە، بەڵام ئەو بۆچوونە زۆر لاوازەو هیچ بەڵگەیەک لەبەر دەستدا نییە راستییەکەی بسەلمێنێ. عەکاس باشی فۆتۆگرافەری فەرمیی موزەفەرەدین شای قاجاری و بنەماڵەی شا بوو. دوای سەردانێکی شا بۆ پاریس لە یۆلیۆی ١٩٠٠دا، چاوی دەکەوێت بەو وێنە جوڵاوانەی کە لەلایەن برایانی لۆمێرەوە وێنەگیراون (شا) عاشقی ئەو داهێنانە دەبێت و لە هەرمان ساڵداو لە کاتی گەڕانەوەیدا کامێرایەکی وێنەگرتن لەگەڵ خۆیدا دەهێنێتەوە بۆ ئێران. ئەو کامێرایە لەلایەن میرزا ئیبراهیم خان عەکاس باشییەوە بەکار دێت و وێنەی ساتە تایبەتەکانی ماڵی شا، وەکو پێشوازیکردن لە وەفدو میوانان و کەسایەتییە گەورەکان و بۆنە نیشتمانی و ئاینییەکان و ئاهەنگی بووک گواستنەوەو ئاهەنگی خەتەنەکردنی مناڵەکانی بنەماڵەی شای پێ دەگرێت، بەڵام هیچ یەکێک لەو بۆنەو ساتە تایبەتانەی ئەو وێنەی گرتوون لە ئێستادا نەماون و سەرجەمیان فەوتاون. چەند ساڵێکی کەم دوای ئەو کەسێکی تر بە ناوی (باباخان موتەزیدی) لەو بوارەدا کاری کردو بوو بە پێشەنگی تری کاری فیلمسازی لەو وڵاتەدا. ساڵی ١٩٠٤ (میرزا ئیبراهیم خان سەحاف باشی) یەکەمین هۆڵی سینەمای کردەوە لە ئێران،

دوای ئەو کۆمەڵێک کەسی تر لە تاران توانییان ڕۆڵی بەرچاویان هەبێت لە پێشخستنی سینەمای ئەو وڵاتەدا، لەوانە (ڕووسی خان و ئەردەشێر خان و عەلی وەکیلی).

ساڵی ١٩٢٥ یەکەمین شوێن و مەڵبەند بۆ فێربوونی کاری سینەمایی لە ئێران لەسەر دەستی (ئۆڤانس ئۆهانیان) کرایەوە، کە وێنەگرێکی سینەمایی بوو و لە ئەمریکاوە هاتبووە ڕووسیاو دواتر لە




ئێران نیشتەجێ بووبوو، ئەو گەنجە وانەی سینەمای لە ڕووسیا خوێندبوو و یەکەمین فیلمی درێژی ئێرانی لەلایەن ئەوەوە بە هاوکاریی موتەزیدی و وێنەگرێکی تری سینەمایی و دوان لە خوێندکاری مەڵبەندە سینەماییەکەیان لە ساڵی ١٩٣٠دا بەرهەمهات، کە فیلمێکی ڕەش و سپیی بێدەنگەو بە شێوەیەکی کۆمیدی سەرکێشییەکانی دوو پیاو (یەکیان درێژو ئەوی تریان کورتەباڵا) دەخاتەڕوو. بەداخەوە نوسخەی ئەو فیلمەش نەماوەو پێدەچێت فەوتابێ. دوای ئەوە قوتابخانەیەکی تری سینەمایی کرایەوە بە ناوی (ناوەندی فێرکردنی سینەما) وەو ئەو ناوەندی فێرکردنە لە دەیەی سییەکاندا سەرپەرشتیی دروستکردنی کۆمەڵێک فیلمی کرد کە لەبارەی ژیانی شاعیری ناوداری ئێرانی (فیردەوسی) و داستانی خۆشەویستیی (شیرین و فەرهاد) و (لەیلاو مەجنون)و کۆمەڵێک کەسایەتیی ترەوە دروستکرابوون. لەو کاتەدا دوو کەسی ماندوو و زەحمەتکێش ڕۆڵی بەرچاویان هەبوو لە پێشخستنی ئەو هونەرەدا لە ئێران، ئەوانیش (ئیسماعیل کۆشان و فارق غەفاری) بوون. ساڵی ١٩٤٩ بۆ یەکەمین جار ڕێکخراوێک بۆ خزمەتی سینەماو کاری فیلمسازی بە ناوی (کۆمەڵەی نیشتمانیی ئێرانی بۆ فیلم) لە ئێران بە هەوڵی (فاروق غەفاری) دامەزراو یەکەمین دەرهێنەرەکانی (عەبدولحوسەینی و کۆشان) بوون، کە بۆ کارەکانیان زۆر سوودمەندبوون لە ئەدەبی کۆن و ئەفسانەی فارسی و زیاتر تەئکیدیان لەسەر ئەخلاق و مرۆڤدۆستی دەکردەوە لە کارەکانیاندا. ئەو ساڵانە لە مێژووی سینەمای ئێرانیدا زۆر گرنگن و بە شۆڕشێکی مەزنی هونەری سینەمای ئەو وڵاتە دادەنرێت. لێرەدا نابێ ڕۆڵی دەرهێنەرو فیلمسازی مەزن (ناسر تەقوایی) لەیاد بکرێت و دەبێت ئەو سینەماکارە وەکو سەرکردەیەکی هەرە دیاری ئەو شۆڕشە باس بکرێت.

دوای ئەو شۆڕشە گرنگە، (سینەمای ئێرانی) لە شەستەکانەوە چووە قۆناغێکی تازەوە، ئەو قۆناغەی لە سینەمای ئێرانیدا بە قۆناغی سەرەتای بەجیهانیبوونی سینەمای ئێرانی دادەنرێت و کۆمەڵێک فیلمی سەرکەوتوو و سەرنجڕاکێشی تیادا بەرهەم هات. لەناو ئەو فیلمانەدا کە ڕۆڵی بەرچاو و گرنگیان هەبوو لەو بەجیهانیبوونەداو سینەمای ئێرانییان گەیاندە ئاستێکی زۆر باڵا، هەردوو فیلمی (مانگا)و (قەیسەر) بوون، کە یەکەمیان لە دەرهێنانی (داریوش میهرجویی) بوو و دووەمیشیان (مەسعود کیمیایی) دەرهێنەری بوو. گرنگیی ئەو دوو فیلمە بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە باسیان لە ئازاری تاکەکانی ئەو وڵاتە دەکردو تایبەتمەندیی کێشەو ململانێ



بەهمەن قوبادی

سەختەکانی کەسی ئێرانی رەنگی دەدایەوە تیایاندا، ئەوەش بە سەرەتای لەدایکبوونی سینەمای میللی ئێرانی دادەنرێت. دواتر رژێمی ئەو کاتەی ئێرانی و دەسەڵاتی شا هەندێک لەو فیلمانەی قەدەغەکردو تا ساتەکانی رووخانی ئەو دەسەڵاتە بە دزییەوە سەیریان دەکرا. بەدەر لەوانەش هەر یەک لە (ئەمیر نادری، پەروێز کیمیایی، سوهراب شەهید سالیس، بەهرام بەیزایی، بەهمەن فەرمان ئارا،....) رۆڵی گرنگیان بینی لە پێشخستنی ئەو بەجیهانیبوونەدا.

بێگومان نابێ رۆڵی سینەماکار (ئیبراهیم گوڵستان)و ستۆدیۆی گوڵستان لەیاد بکرێت، ئەو ستۆدیۆیەی چەندین فیلمسازی گەورەی تێدا پەروەردەبوو و هەر یەک لەوانە توانییان سودێکی باش لە تواناکانی ئەو ستۆدیۆیە وەربگرن، لەوانە (ناسر تەقوایی، بەهرام بەیزایی،....).

دوای ئەوە سینەمای ئێرانی دەرگایەکی زیاتری بە روودا کرایەوەو وردە وردە بووە جێی سەرنج و گرنگیی سینەماکارانی جیهان. ئیتر هونەرمەندو فیلمسازانی ئێران رازی نەبوون تەنها لە چوارچێوەی وڵاتەکەیاندا بمێننەوەو روویان کردە دەرەوەو لە بۆنەو فێستیڤاڵە سینەماییەکانی وڵاتاندا بەشدارییان کرد، دواتریش بەهۆی تایبەتمەندییانەوە لە کارکردندا بوونە بەشێکی گرنگ لە سینەمای دونیادا.

کرانەوەی دەرگای دونیا بە روویانداو ئەم رووکردنە دەرەوەیە وایکرد سینەماکارو فیلمسازانی ئێرانی تموحیان بۆ کارکردن زیاد بکات و وای لێهات هەر یەکەیان هەوڵ بدات ببێتە ناوێکی دیارو خاوەن تایبەتمەندی لەو بوارەدا، ئەمە وایکرد هەندێک لە دەرهێنەرانی ئەو وڵاتە ببنە خاوەنی شێوازێکی جیاوازو تایبەت بە خۆیان، واتا لەگەڵ ئەوەی سەرجەمی سینەماکە هەڵگری ناوی (سینەمای ئێرانی)یە، لە هەمان کاتدا شێوازە جیاوازەکان وایکردووە هەڵگری ناوی دەرهێنەرەکانیش بێت، بۆ نموونە پێی بگوترێت (سینەمای کیارۆستەمی)، (سینەمای مەخمەلباف)،.... لە ساڵی ٢٠٠٦دا شەش فیلمی ئێرانی بە شەش ستایلی جیاواز بەشداربوون لە فێستیڤاڵی بەرلینی سینەماییداو رەخنەگرانی سینەما بە گرنگییەوە باسیان لەو ستایلە جیاوازانەی کارە سینەماییەکانی ئەو وڵاتە کرد لە فێستیڤاڵەکەدا.

دوای ئەو پێشکەوتنە بەرچاوەی سینەمای ئێرانی و دەنگدانەوەی لە جیهاندا، ئێستا سینەما لەو وڵاتەدا بووەتە خەمی زۆر کەس و بەردەوام نەوەی تازە لەو بوارەدا پێدەگەن. ساڵانە لەو وڵاتەدا زیاتر لە (٢٠) دەرهێنەری نوێ لە خوێندنگەکانی دروستکردنی فیلم دەردەچن و بۆ یەکەمین جار فیلم دروست دەکەن، لەناو ئەو تازە دەرچووانەدا زۆرینەیان ژنن، ئەمەش وامان لێ دەکات کە بڵێین لەو پێشکەوتنە گەورەیەی سینەمای ئێرانیدا (ژنان) یش بەشێکی مەزن و بەرچاویان پێ دەبرێت.

شاعیری ناوداری ئێرانی (فەروغ فروغزاد) بە دروستکردنی فیلمێکی بەڵگەنامەیی لەسەر نەخۆشخانەیەکی (گولی) بە یەکێک لە خانمە پێشەنگەکانی بواری فیلمسازی دادەنرێت لە ئێراندا. نووسەرو دەرهێنەر (رەخشان بەنی ئیعتماد)یش یەکێکە لەو خانمانەی رۆڵی گرنگی بووە لە سینەمای ئەو وڵاتەداو کۆمەڵێک فیلمی سەرکەوتووی دروستکردووە، ئەویش بە پێشەنگێکی ئەو بوارە دەژمێردرێت لەو وڵاتەدا. (پوران دەرخشندە) یەکێکی ترە لەو خانمانەی بە زوویی هاتووەتە ناو دونیای سینەماوەو هاندەرێکی باشی خانمانی تر بووە بۆ هاتنە ناو ئەو دونیایەوە. (تەهمینە میلانی) بە هەمان شێوە چەند فیلمێکی دروستکردووەو تیایاندا

ئازارو کێشەو چەوسانەوەی ژنی خستووەتە روو. (سەمیرا مەخمەلباف)ی کچی دەرهێنەری ناودار (موحسین مەخمەلباف)یش یەکێکی ترە لەو خانمە سینەماکارانەی بە زوویی و لە تەمەنی (١٧) ساڵانەوە بە پشتیوانیی باوکی رووی کردووەتە ئەو بوارەو توانیویەتی چەند فیلمێکی سەرکەوتوو دروست بکات و بەهۆیانەوە ناو و ناوبانگ دەربکات. سەمیرا ساڵی ٢٠٠٠و ٢٠٠٣ خەڵاتی لیژنەی داوەرانی پێ بەخشرا لە فێستیڤاڵی (کان)ی سینەماییداو جگە لەو خەڵاتانە خاوەنی چەندین خەڵات و میدالیای رێزلێنانە. (مەنیژە حیکمەت)ی دەرهێنەریش یەکێکی ترە لەو خانمانەی جێگە دەستی دیارە لە خزمەتی ئەو هونەرەداو بەو هۆیەشەوە توانیویەتی ئازارو خەمەکانی ژنان لەنێو کارەکانیدا بوروژێنێ، بە تایبەت لە هەردوو فیلمی (زیندانی ژنان، سێ ژن)دا. (حەنا مەخمەلباف)ی خوشکی (سەمیرا مەخمەلباف) ش ئێستا سەرقاڵی ئەو بوارەیەو چاوەڕێی ئەوەی لێ دەکرێت چەند ساڵێکی تر ئەویش ببێتە ناوێکی مەزن لە سینەمای ئێرانیدا. لە بواری نواندنیشدا کۆمەڵێک خانم هەن کە رۆڵی دیاریان هەبووە لە پێشخستنی سینمای ئەو وڵاتەداو ئازایانە کاریان کردووە لەو بوارەدا، لەوانە (نیکی کەریمی، زوهرە دەوڵەت ئابادی، مەرزیە مشکینی، پگا ئاهەنگەرانی، هەدیە تارانی، یاسەمین مەلەک نەسر، گولشفتە فەراهانی، لەیلا حاتەمی، مونا زەندی....). هەندێک لەو خانمانە چەندین خەڵاتی گرنگی سینەماییان لە ناوخۆو دەرەوەی ئێران پێ بەخشراوە، یاخود کاندیدکراون بۆ چەندین خەڵاتی گرنگی سینەمایی.

جگە لە دەرهێنەرانی فارس کە خزمەتیان کردووە بە سینەمای ئێرانی و رۆڵیان هەبووە لە پێشخستنیدا، رۆڵی نەتەوەکانی تریش کەم نییە لەو پێشکەوتنەداو بەشێکی ئەو شانازییە بەر سینەماکارانی نەتەوەکانی تری ئەو وڵاتە دەکەوێت، لەوانە نەتەوەی کورد.

لەگەڵ ناوهێنانی دەرهێنەرە مەزنەکانی فارسدا کە ساڵانێکە رۆڵیان هەیە لە بەرەوپێش بردنی زیاتری سینەمای ئێرانیدا، ئەگەر ناوی دەرهێنەری کورد (بەهمەن قوبادی)ش نەهێنرێت غەدرێکی گەورە لە مێژوو و سینەمای ئەو وڵاتە دەکرێت. قوبادی لە کۆتایی شەستەکانی سەدەی بیستدا لە شاری (بانە)ی رۆژهەڵاتی کوردستان لەدایکبووەو لە تاران سینەمای خوێندووە. یەکەمین فیلمی درێژی ئەو دەرهێنەرە (ساتێ بۆ مەستیی ئەسپەکان)ە، کە بە یەکێک لە فیلمە سەرکەوتووەکانی ئەو وڵاتە دێتە ژماردن و چەندین خەڵاتی ناوخۆیی و نێودەوڵەتیی پێ بەخشراوە، لەوانە خەڵاتی (کامێرای ئاڵتوونی) لە فێستیڤاڵی (کان)ی سینەماییدا. دوای ئەو فیلمە (قوبادی) چەند فیلمێکی تری درێژی دروستکردووە، لەوانە (گۆرانییەکانی وڵاتی دایکم، کیسەڵەکان دەفڕن، نیوە مانگ)، کە ئەوانیش سەرکەوتنی مەزنیان بەدەستهێناوەو چەندین خەڵاتی نێودەوڵەتییان پێ بەخشراوە. (کەس ئاگای لە پشیلەکانی ئێران نییە) ناونیشانی دوا فیلمی (بەهمەن قوبادی)ی دەرهێنەرە، کە بەهۆیەوە لە ئێران هەڵات و گەڕانەوە بۆ ناو ئەو وڵاتەی لێ قەدەغەکرا. جگە لە قوبادی چەند سینەماکارێکی تری کورد هەن کە ئەوانیش جێگە دەستیان دیارە لەو پێشکەوتنەدا. نابێ ئەوەشمان بیر بچێت کە کوردەکان تەنها وەکو دەرهێنەر رۆڵیان نەبووە لە خزمەتکردنی سینەمای ئێرانیدا، بەڵکو لە


داریوش میهرجویی

بوارەکانی تری فیلمسازیشدا رۆڵیان بینیوە، وەک (کامێرامان، مۆنتێر، دەنگهەڵگرو موزیسیان و....).

بێگومان زمانی کوردی زمانی سەرەکیی

زۆربەی ئەو فیلمانەیە کە دەرهێنەرە کوردەکان دروستیان کردوون و لە هەندێک فیلمیاندا تاکە زمانە، بەڵام ئەو زمانە تەنها لە فیلمی دەرهێنەرانی کورددا بەکار نەهاتووەو هەندێک لە دەرهێنەرانی فارسیش کەسایەتی و کاراکتەرو زمانی کوردییان بەکارهێناوە لە کارەکانیاندا. ساڵی ١٩٩٩ دەرهێنەری ناوداری ئێران و جیهانی (عەباس کیارۆستەمی) فیلمی (با لەگەڵ خۆیدا دەمانبات)ی دروستکردو بەشێکی زۆری ئەو فیلمە بە زمانی کوردییەو لە رۆژهەڵاتی کوردستان وێنەی گیراوە. فیلمی (تەختەڕەش)ی دەرهێنەر (سەمیرا مەخمەلباف) لە رۆژهەڵاتی کوردستان وێنەی گیراوەو بەشی زۆری گفتوگۆکانی بە زمانی کوردییە. فیلمی (ئەفسانەی خۆشەویستی) لە دەرهێنانی (فەرهاد میهران فەر) کە ساڵی ٢٠٠٢ خەڵاتی لیژنەی تایبەتی داوەرانی وەرگرت لە فێستیڤاڵی سانتا باربرای سینەمایی نێودەوڵەتی، ئەویش هەندێک لە گفتوگۆکانی بە زمانی کوردییە. لە چەند شوێنێکی کەمی فیلمی (باران)ی دەرهێنەر (مەجید مەجیدی)شدا زمانی کوردی بەرگوێ دەکەوێت، جگە لەمانە فیلمی تریش زۆرن لە ئێران کە زمانی کوردییان تیادا بەکارهێنراوە.

زمانی ئازەری یەکێکی ترە لەو زمانانەی لە فیلمی ئێرانیدا بەکارهاتووەو ساڵی ١٩٩٠ دەرهێنەری ناودار (موحسین مەخمەلباف) فیلمێکی دروستکرد بەناوی (ساتی خۆشەویستی)یەوەو لەو فیلمەدا زمانی زۆربەی نەتەوەکانی ئێران بەکارهاتوون، لەوانە (ئازەری). ساڵی ٢٠٠٢ دەرهێنەری ئێرانی (مەهدی پەریزاد) فیلمێکی بەڵگەنامەیی لەسەر فیلمی (ئازەری) دروستکردو ساڵی ٢٠٠٥ لە تاران گفتوگۆ کرا لەبارەی (دواڕۆژی سینەمای ئازەری)یەوە.

ئازارو کێشەو کولتووری ئەفغانستان یەکێکە لەو لایەنانەی بەشێکی بەرچاوی سینەمای ئێرانی داگیرکردووەو زۆرێک لە گەورە دەرهێنەرانی ئێران کاریان لەسەری کردووە. بەر لە هێرشەکانی ئەمریکا بۆ سەر ئەفغانستان، دەرهێنەر (موحسین مەخمەلباف) بە فیلمی (سەفەری قەندەهار) ئازارو کولەمەرگیی و ناخۆشییەکانی ژیانی ئەفغانییەکانی خستبووە روو و تیایدا باسی لە ترسناکیی دەسەڵاتی (تاڵیبان) کردبوو، بەڵام بەداخەوە لە کاتی خۆیدا هەست بە گرنگی و مەزنیی ئەو کارە نەکراو دوای هێرشەکانی ئەمریکا بینەر گەڕایەوە بۆ لای و ئەوجا درک بە گەورەیی و قوڵیی کارەکە کراو زانرا کە ئەو دەرهێنەرە چەندە زووتر پێشبینیی رووداوەکانی کردووە. چەند ساڵێک پێشتریش هەمان دەرهێنەر فیلمێکی زۆر سەرکەوتوو و سەرنجڕاکێشی بەناوی (پایسکیل سوار)ەوە لەهەمان وڵات دروستکرد. کە تا ئێستا بە یەکێک لە فیلمە گەورەکانی ئێران دادەنرێت و لە زاکیرەی زۆربەی بینەرانیدا ماوەتەوە. ئەم فیلمە لە وڵاتی ئەفغانستان و تا رادەیەک بە دزییەوە وێنەی گیراوە. لە فیلمی (باران)ی (مەجید مەجیدی)شدا ململانێی سەختی (ئەفغانییەکان) لەگەڵ ژیاندا تەوەری سەرەکیی کارەکەیەو لەوێشدا ئازارو چەرمەسەریی ئەو نەتەوەیە خراوەتە روو. بەشێکی ئەم فیلمە لە وڵاتی (ئەفغانستان) وێنەی گیراوە. بە هەمان شێوە فیلمی (سەعات ٥ی عەسر) ی دەرهێنەر (سەمیرا مەخمەلباف)یش باس لە ژیانی تاڵی ئەفغانییەکان دەکات کە دوای نەمانی دەسەڵاتی تاڵیبانیش هەر بەردەوامەو هێشتا لە ئازارو ململانێ و ترسدان و دوورن لە چێژی ژیان. ئەم فیلمە لە وڵاتی (ئەفغانستان) دروستکراوەو وێنەی گیراوە.

دوای رووخانی دەسەڵاتی (تاڵیبان) بنەماڵەی (مەخمەلباف) بە خێزانەوە روویان کردە ئەفغانستان و لەوێ نیشتەجێ بوون. موحسین هەوڵی دا سینەما لەو وڵاتەدا زیندوو بکاتەوە، کە بەهۆی دەسەڵاتی (تاڵیبان)و جەنگەکانی پێشووەوە لە پەلوپۆ کەوتبوو، چەند فیلمێکیان لەوێ دروست کردو کۆمەڵێک پرۆژەی تری سینەماییان هەبوو بۆ ئەو وڵاتە، بەڵام بەهۆی ئەو هەڕەشە بەردەوامانەی لێیان دەکراو ئەو هەموو هەوڵی تیرۆرکردنەی لە ماوەی ئەو ساڵانەدا لەو وڵاتە رووبەڕوویان بووەوە، ناچاربوون ئەفغانستان جێ بهێڵن و



عەباس کیارۆستەمی

ڕوویان کردە (فەرەنسا)و لەوێ نیشتەجێ بوون. بەر لە ڕۆیشتنیان بۆ فەرەنساو وەک چۆن لە هەوڵی زۆردا بوون بۆ زیندووکردنەوەی سینەمای ئەفغانی، (موحسین مەخمەلباف) بۆ پێشخستنی سینەمای (تاجیکستان)یش ڕۆڵی گرنگی بینی و وانەی سینەمایی بە گەنجانی ئەو وڵاتە وتەوە کە عەشقیان هەبوو بۆ سینەما، جگە لەوەش چەند جارێک فێستیڤاڵی سینەمایی ڕێکخست لەو وڵاتەدا. (موحسین مەخمەلباف) لە کۆی (١٨) فیلمی درێژی، دوو فیلمیانی لە وڵاتی تاجیکستان دروستکردووەو وێنەیان گیراوە.

دەبێ ئاگاداری ئەوە بین کە لەگەڵ بەرهەمهێنانی ئەو هەموو فیلمە جدییانەی ساڵانە لەو وڵاتەدا دروستدەکرێن، لەولاشەوە لێشاوێکی تری فیلم لە ئێراندا ساڵانە بەرهەم دێن، کە ئامانج لە دروستکردنیان تەنها پەیداکردنی پارەو پڕکردنی گیرفانەو ئەوەی لەو کارانەدا بیری لێ ناکرێتەوە لایەنی هونەرییەو داهێنانە. زۆرێک لەو فیلمانە فیلمی کۆمیدین و بەهۆی ئەو سانسۆرە توندەی لەسەر زۆر شت هەیە لەو وڵاتەدا، لەوانە هێنانی و دەستکەوتنی فیلمە بیانییەکان بە ئاسانی، بۆیە ئەو فیلمە بازاڕیانە فرۆشیان زۆرەو بازاڕیان گەرمە. فیلمی جەنگیش بەشێک لە بازاڕو سینەمای ئێرانی داگیرکردووەو لەدایکبوونی ئەو جۆرە فیلمەو دروستکردنی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای دەستپێکردنی شەڕی نێوان عیراق-ئێران. زۆربەی ئەو فیلمانە باس لە ئازایەتی و شۆڕشگێڕیی سوپای ئێران و سەربازانی ئەو وڵاتە دەکەن و بەرامبەر بە ترسنۆک و بەزیو نیشان دەدەن. دیارە لەلایەن دەسەڵاتەوە بودجەی خەیاڵی و تایبەت بۆ دروستکردنی ئەو جۆرە فیلمە تەرخانکرابوو و پشتیوانیی تەواو دەکران، چونکە ئەو کارانە وەکو هۆکارێک بەکاردەهێنران بۆ هاندانی گەنجانی وڵات کە بە دڵسۆزی و خۆشحاڵییەوە بەشداریی ئەو شەڕە بکەن و ئومێدی شەهیدبوون بخوازن.

هەرچەندە دروستکردنی ئەو فیلمە جەنگییانە ئامانجێکی سیاسیی لە پشتەوەبوو و مەبەست لە دروستکردنیان بە پیرۆز نیشاندانی جەنگەکە بوو، لەو کارانەشدا لایەنی داهێنان و ئیستاتیکی گرنگییەکی نەبوو، کەچی هەر لەو سەردەمەدا کۆمەڵێک دەرهێنەر چەند فیلمێکی جەنگییان دروستکرد کە دووربوون بەو ئامانجەی دەسەڵات مەبەستی بوو و لایەنی مرۆڤدۆستی و ژیاندۆستی زاڵبوو بەسەریانداو بە هەموو شێوەیەک سەندنەوەی پیرۆزی بوو لە شەڕ، هەندێک لەو فیلمانە ئیشیان لەسەر زەقکردنەوەی کارەسات و ئازارەکانی دوای جەنگ کردبوو، بۆیە ئەو کارانە لای دەسەڵات خۆشەویست نەبوون و لە کاتی نمایشکردن و بڵاوبوونەوەیاندا گرفتیان بۆ دروستدەکرا.

ئێستاو دوای ئەوەی فیلمسازو سینەماکارانی ئێرانی توانییان کاری مەزن و داهێنەرانە بکەن لە



مەجید مەجیدی

بواری سینەماداو ببنە خاوەن پێگەو تایبەتمەندیی خۆیان، ساڵانە بە قورساییەکی زۆرەوە بەشداریی فێستیڤاڵە سینەماییەکانی جیهان دەکەن و گەلێک جاریش بە ئەنجامی باش و دەستی پڕ خەڵاتەوە دەگەڕێنەوە. هەندێک لەو خەڵاتە گرنگ و ناودارانەی فیلمسازانی ئێرانی توانیویانە بەدەستی بهێنن و بەهۆیانەوە باشتر سینەمای وڵاتەکەیان بە دونیا بناسێنن ئەمانەن:

ساڵی ١٩٩٧ خەڵاتی (چڵە خورمای ئاڵتوونی) لە فێستیڤاڵی (کان)ی سینەماییدا بەخشرا بە فیلمی (تامی گێلاس)ی دەرهێنەری گەورە (عەباس کیارۆستەمی). ساڵی ٢٠٠٠و ٢٠٠٣ خەڵاتی لیژنەی داوەرانی هەمان فێستیڤاڵ دراوە بە (سەمیرا مەخمەلباف). چوار جار خەڵاتی (کامێرای ئاڵتوونی) ی ئەو فێستیڤاڵە بەخشراوە بە دەرهێنەرانی ئێرانی بەم شێوەیە، ساڵی ١٩٩٥ دراوە بە (جەعفەر پەناهی)، ساڵی ٢٠٠٠ دراوە بە (بەهمەن قوبادی)، هەمان ساڵ بەخشراوە بە (حسێن یەکتا پەنا)و ساڵی ٢٠٠٤یش دەرهێنەر (موحسین ئەمیر یوسفی) وەریگرتووە.

(جەعفەر پەناهی) ساڵی ٢٠٠٠ خەڵاتی شێری ئاڵتوونیی بردەوە لە فێستیڤاڵی سینەمایی (ڤینیسیا) داو هەر یەک لە (عەباس کیارۆستەمی، بابەک پەیامی، ئەبولفەزل جەلیلی) خەڵاتی شێری زیوینی ئەو فێستیڤاڵەیان پێ بەخشراوە.

دەرهێنەرانی ئێرانی بێبەش نەبوون لە بەدەستهێنانی خەڵاتی سینەمایی (لۆکارنۆ)شداو یەکەمین فیلمی ئێرانی کە ئەو خەڵاتەی دراوەتێ، فیلمی (ماڵی دۆست لەکوێیە؟)ی دەرهێنەر (عەباس کیارۆستەمی) بوو لە ساڵی ١٩٨٩داو ساڵی ٢٠٠٥یش خەڵاتی ئاڵتوونی لیۆباردی هەمان فێستیڤاڵی وەرگرتووە، جگە لەم دەرهێنەرە، دوو دەرهێنەری تری ئێرانی هەمان خەڵاتی ئاڵتونییان پێ بەخشراوە، لە ساڵی ١٩٩٧دا بەخشرا بە (جەعفەر پەناهی)و ساڵی ٢٠٠٦یش دەرهێنەر (سامان سالور) وەریگرتووە. دوو جاریش خەڵاتی زیوینی لیۆباردی ئەو فێستیڤاڵە دراوە بە دەرهێنەرانی ئێرانی، ساڵی ١٩٩٨ بەخشرا بە (ئەبولفەزل جەلیلی)و ساڵی ٢٠٠٤یش (حسێن یەکتا پەنا) وەریگرت.

لە فێستیڤاڵی (سان سیباستیان)دا دوو ساڵ (٢٠٠٤و ٢٠٠٦) خەڵاتی (سەدەفی ئاڵتوونی) بەخشراوە بە دەرهێنەر (بەهمەن قوبادی)و ساڵی ١٩٩٣ش خەڵاتی زیوینی ئەو فێستیڤاڵە دراوە بە (نیکی کەریمی)ی ئەکتەر.

لە فیستیڤاڵی (بەرلین)ی سینەماییدا چەند جارێک فیلمی ئێرانی کاندیدکراون بۆ وەرگرتنی خەڵاتی (ورچی ئاڵتوونی)، بەڵام هیچ کات پێیان نەبەخشراوەو هەر یەک لە دەرهێنەران (سوهراب شەهید سالیس ١٩٧٤، پەروێز کیمیایی ١٩٧٦، جەعفەر پەناهی ٢٠٠٦، رەزا ناجی ٢٠٠٨، ئەسغەر فەرهادی ٢٠٠٩) خەڵاتی (ورچی زیوینی) ئەو فێستیڤاڵەیان وەرگرتووە.

جگە لەم خەڵاتانە، دەرهێنەرو سینەماکارانی



ئێرانی وەرگری دەیان خەڵاتی ناوداری ترن، ئەمە جیا لەوەی کاندیدکراون بۆ وەرگرتنی دەیان خەڵاتی گرنگی تر، لەوانە:

ساڵی ١٩٩٩ فیلمی (مناڵانی ئاسمان)ی دەرهێنەر (مەجید مەجیدی) کاندیدبوو بۆ خەڵاتی ئۆسکاری باشترین فیلمی بیانی.

(ئەسغەر کامی) ساڵی ٢٠٠٧ کاندیدکرا بۆ وەرگرتنی خەڵاتی ئۆسکاری باشترین (سەرپەرشتیاری دەنگ) لە فیلمی (ئەپۆکالیپتۆ) ی ئەکتەرو دەرهێنەری ناوداری ئەمریکی (میل گیپسۆن). جگە لەمانە حەوت جاری تر فیلمسازی ئێرانی کاندیدکراون بۆ وەرگرتنی خەڵاتی ئۆسکار لە بەشە جیاوازەکاندا.

جیا لەو فێستیڤاڵە سینەماییانەی ساڵانە لە جیهاندا سازدەکرێن و فیلم و سینەماکارانی ئێرانی بەشدار دەبن تیایاندا، لە ناوخۆی ئێرانیشدا ساڵانە فێستیڤاڵی سینەمایی هەیە بۆ فیلمی ناوەوەو دەرەوەی ئێران، کە ئەوەش ڕۆڵی باشی بینیوە لە خزمەتکردن و پێگەیاندن و ناساندنی چەندین سینەماکاری ئێرانی و بەرەو پێش بردنی ئەو شەپۆلە سینەماییەی لەو وڵاتەدا هەیە.

مێژووی فێستیڤاڵی سینەمایی لە ئێراندا تەمەنێکی زۆری نییەو یەکەمین فێستیڤاڵی سینەمایی نێودەولەتیی تاران لە مانگی ٤ی ١٩٧٣دا سازدراوە. ئێستا گرنگترین فێستیڤاڵی سینەمایی لە ئێران، فێستیڤاڵی (فەجر)ی سینەماییە، کە مێژووەکەی بۆ ساڵی ١٩٨٣ دەگەڕێتەوەو ساڵانە لە تاران بە بەشداریی دەیان فیلم بەڕێوە دەچێت.



موحسین مەخمەلباف